گەواهیی ماوایی.. ستار ئەحمەد

عەشقت ختووکەی گیانەو.. کۆنە برینی سووتاوە.
کە دەم لە دەریای بیرم دەسووم.. خەم دەمناسۆو ناتبینمەوە
نەرمە کۆوەیەك.. هەرزە حەزك.. ناخم دەجێشنێ بۆ رووت.
گۆی جەرگم سەدای هاوارو فیغانی دایکێکی جەرگ بڕاوە.
لە خەم وێنەت دەکێشمو بەخۆزگەش هێنراوەت بۆ دەهێنمەوە.
کە کۆچبارێك لەبەر نیگا زەردەکانی خۆرا..
لە نێو دەروازەی برینی سپێە ساڵا وەرز دەدوێنێ..
لەبەر نسرمی بەفرێکی بۆ تارای زستانا ,
قوێنگێ هێلانەی کەساسیم.. لە لانەی دەروونا دەمێنێ.
لە شەوانی ووشکە وەرزا تەمەن دەبێ بە خەزانو
هیوا مانگی گۆنای تاریکی شەو دەدرەوشێنێ.
ئەستێرەی بەختی شەیداییم.. پرچی خۆزگەی دادەهێنێ
کە پێم ووتی: من شاعیرمو شیعریش دڵی تۆ ناناسێ؟
کە ماڵاواییت لە تەنهاییو بۆ کەسی ئەم شارەمان کرد..
کۆ لە ڕێگای گوڵاو ڕژت.. فرمێسکی سۆزی دەژان.
کە لە ژانی غوربەتێکی دەروونیا دەتناڵانو
دەستەکانت وەکو تووڵە ڕێگای ئاوارەکان لێت وەس بوو ,
کۆ بوو دڵی دەکرد بە مەم بۆ پێشوازیت دایدەگیرسان.
رقم پێنووسەو.. هەستیشم لاپەڕەی هەبەستی نەدارە.
کە شەوێك خەونی تۆ دەزێنێ , لانکی رایەخیش لە بوونت بۆزارە.
کام سروە لە نیگای ئەستێرە دەئاڵێ.
کوا کۆ یە وەکو من بۆ ژانت دەناڵێ؟!
تەماشاکە.. تەماشای بەرواری یادگاریمان.
بەڕوانگەی ئارەزووی کۆرپەی شادیمان.
وەکو هەژارەکانی گۆشەی پردێ..
بە وێنەی شەم رەوی خۆڵە مەرگی گوندنشینان.
کە هەوری ساڵانی تەنهایی ڕاودەنێن..
کۆ بۆ تۆ پێستەکەی دەکاتە پێخەفو
جگەری بۆ مانت دەبێتە نیشتمان.

ستار ئەحمەد